قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ} (سورەتی الإخلاص) وموعەویزەکان} (سورەتەکانی الفلق والناس) سێ جار بخوێنە؛ کاتێک ئێوارە وبەیانیت بەسەردا دێت، بەسن بۆت وهۆکارن بۆ پاراستنت لە هەموو شتێک

لە عبداللەی کوڕی خوبەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە شەوێکی باراناوی وزۆر تاریکدا دەرچووین، بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ؛ بۆئەوەی پێشنوێژیمان بۆ بکات، کاتێك گەیشتینە لای، فەرمووی: «بڵێ (قُلْ)»، من هیچم نەووت، پاشان فەرمووی: «بڵێ (قُلْ)»، من هیچم نەووت، فەرمووی: «بڵێ (قُلْ)»، ووتم: چی بڵێتم؟ فەرمووی: «{قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ} (سورەتی الإخلاص) وموعەویزەکان (سورەتەکانی الفلق والناس) سێ جار بخوێنە؛ کاتێک ئێوارە وبەیانیت بەسەردا دێت، بەسن بۆت وهۆکارن بۆ پاراستنت لە هەموو شتێک».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي والنسائي) ڕیوایەتیان کردووە]

عبداللەی کوڕی خوبەیب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شەوێکی زۆر باراناوی وتاریك ؛ دەرچوون بۆ گەڕان بە دوای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات، گەیشتن پێی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە عبداللە ی فەرموو: «بڵێ (قُلْ)» واتا بخوێنە، بەڵام ئەو هیچی نەخوێند، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەکەی دووبارە کردەوە، عبداللە ووتی: چی بخوێنم ئەی پێغەمبەری خودا؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سورەتی -الإخلاص- {قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ..} وموعەویزەکان (سورەتەکانی الفلق والناس) هەریەکێکیان سێ جار لە بەیانی وئێوارەدا بخوێنە ؛ هۆکارن بۆ پاراستنت لە هەموو شەڕ وزیانێك.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6082